راپۆرت



فۆتۆ: سۆران

# شەشەمین کۆنگرەی بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ

لەژێر دروشمی (کۆنگرە بەردەوامییە بۆ ئایندە) بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ، رۆژی ٢٠١١/٨/٢٥ شەشەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک میوان و سەد و دە ئەندام کە لە شارە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتبوون، ئەنجام دا.

سەرلەبەیانیی رۆژی کۆنگرە وتاری هەر یەک لە سەرپەرشتیاری کۆنگرە و وەزیری رۆشنبیری و سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد خوێندرانەوە، دواتر لە راپۆرتێکدا پەیڕەو و پرۆگرام و کارەکانی پێشووی بنکە و راپۆرتی رۆشنبیری و دارایی خوێندرانەوە، پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، بەشێک لە پەیڕەوی ناوخۆو دروشمی بنکە گۆڕانیان بەسەردا هات، پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ بە ئامادەبوونی دادوەر و نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەرگای خۆپاڵاوتن و دەنگدان بە دەستەی نوێ کرایەوە و کۆمەڵێک نووسەر بۆ بەدەستهێنانی متمانەی ئەندامانی کۆنگرە خۆیان کاندید کرد، پرۆسەی دەنگدان لە کەشێکی ئارام و ئازادانەدا بەڕێوەچوو و هەر یەک لەم بەڕێزانە متمانەی ئەندامانیان بۆ دەستەی نوێ بەدەستهێنا (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئاسۆ عومەر سوارە، سیامەند هادی، ژاوێن شاڵی، ئیسماعیل خورماڵی، تەڵعەت تاهیر، دانا فایەق) هەر یەک لە (بڕوا بەرزنجی و ژوان پێنجوێنی)ش، وەک ئەندامی یەدەک دەرچوون.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە بە کۆی دەنگی دەستەی نوێی بنکە بوو بە سەرۆک، رایگەیاند، هەر لە سەرەتاوە کە داوایان لێکردوون خۆیان بۆ ستافی نوێی بنکەی گەلاوێژ کاندید بکەن، بیریان لەوە کردەوە




چی بکەن بۆ ئەوەی کاری جدیترو جیاواز پێشکەش بکەن و وتی: کاتێک ناوی کاندیدەکانی ترم بینی، حەماسێکی زیاترم بۆ هات، بەو پێیەی ئەو ناوە تازانە کۆمەڵێ گەنجی لێهاتوو و بەتواناو چالاکن، لەپاش هەڵبژاردن و دیاریکردنی من وەک سەرۆکی بنکەو دوای یەکەمین کۆبوونەوەمان، ئەو هەستەم لەلا بەرجەستەتر بوو، کە ئەشێ ئێمە بەفیعلی بتوانین کاری چاک بکەین، بەتایبەتی هەر هەموومان بڕیارمان دا خۆمان بۆ فێستیڤاڵ و چالاکییەکانی بنکە ئامادەبکەین، لەماوەی ئەم دوو مانگەی داهاتوودا کات و کۆششی خۆمان چڕبکەینەوەو پتر کار بۆ سەرخستن و باش بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی داهاتوو بکەین، بێگومان پلان و پرۆژەی ترمان هەیە بۆ زیاتر چالاککردن و بەجوڵەخستنی بنکەی گەلاوێژ، کە هەوڵ ئەدەین لە پاش فێستیڤاڵ کاری بۆ بکەین.

(تەڵعەت تاهیر) کە وەک جێگری سەرۆکی بنکە دەستبەکار بووە، ئومێدێکی زۆری بەوە هەیە کە ئەم دەستە نوێیە بتوانن گیان بکەنەوە بەبەری بنکەداو لە ڕێگەی چالاکییە ئەدەبی و رووناکبیرییەکانەوە خزمەتێکی زیاتر بکەن. تەڵعەت تاهیر سەبارەت بە کۆنگرەی شەشەم ئاماژەی بەوە دا کە لە سەروبەندی هەموو کۆنگرەیەکدا قسەی جوان دەکرێت و باسوخواسی لێبووردەیی و کارکردن بە گیانی یەک تیمی زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە بە پراکتیک ئەو قسە جوانانە ببنە هەنگاوی بەرچاو و مەلموس لە کارکردندا و وتیشی: یەک بە خۆم زۆر خۆشبەخت و سەربەرزم کە بەشێک بم لەو ستافە نوێیە، چونکە هەموویان قەڵەمی باش و کەسانێکن شایەتی بۆ دنیابینی و بەرهەم و کردەوەیان دەدرێت، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ستافی نوێ لە هەموو قۆناغەکاندا هەر بە ئەدیب و قەڵەمی جددی ماونەتەوە، ئەمە دەرفەتێکە بۆ هەموومان تاوەکو توانا و وزەمان تاقیبکەینەوە و ببینین تا چەند دەتوانین خزمەتی ئەدەب و ئەدیبان بکەین.

شایەنی باسە بەشێک لە ئەدیب و نووسەران دڵخۆشن بەم دەستە نوێیەی، کە بەڕێوەبردنی بنکەی گەلاوێژیان لەئەستۆدایە و پێیان وایە ئەگەر هەلومەرجەکان گونجاوبن دەتوانن لە ئاست ئەو متمانەیەدابن کە ئەندامان پێیان بەخشیون.